# کاریگەریی بەردەوامی سەرۆکایەتیی ئەردۆغان لەسەر پرسە عێراقییەکان

**یاسین تەها**، خوێندکاری دکتۆرا لە مێژووی ئایین و ئایینزاکان، هەروەها شارەزا لە کاروباری عێراق

مانەوەی ئەردۆغان لە سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا پاش 20 ساڵ لە وەرگرتنی جڵەوی دەسەڵات و بۆ خولی سێیەمی سەرۆکایەتی، یەکێك لەو پێشهاتانەیە کە بۆ عێراقی دراوسێی ئەم وڵاتە گرنگ و لێکەوتەی جۆراوجۆری هەیە؛ چ لە بواری سیاسی و ئەمنی، چ لە بواری سیاسەتەکانی وزە و بازرگانی و ئاو کە پرسی هەنووکەیین لە عێراق. ئەم شرۆڤەیە هەوڵ دەدات لە دیوە عێراقییەکەیەوە لێکەوتەکانی بەردەوامی ئەردۆغان لە سەرۆکایەتیی تورکیا لێك بداتەوە.

## هێڵە گشتییەکانی خولی نوێی ئەردۆغان

لەبەر ڕۆشنایی تەمەنی 20 ساڵەی حوکمڕانیی ئەردۆغان، تا ڕاددەیەکی زۆر هێڵە گشتییەکانی سیاسەتەکانی دەربارەی عێراق و ناوچەکە و وڵاتانی تری پەیوەندیدار، زانراوە. لە ئاهەنگی دەستبەکاربوونەکەیشیدا (3ی حوزەیرانی 2023) جەختی لەوە کردەوە لەمەولا ئاراستەی تورکیا بەیەکەوە ڕوو لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژاواش دەبێت لە یەك کاتدا([1]). بەپێی لێکدانەوە تورکییەکانیش ئەمە بە مانای ئەوە نایەت تورکیای ئەردۆغان بەخێرایی دەستبەرداری ئاراستە ڕۆژهەڵاتییە ناسراوەکەی ببێت و هەنگاوی زیاتر لە ئەمریکا و ناتۆ بچێتە پێش، بەڵکوو بەهۆی سەرهەڵدانی جەمسەرگیرییەکانی ئەمریکا و چین و ڕووسیاشەوە قۆناغێک دەست پێ دەکات کە وڵاتانی ناوچەکە بە مەبەستی کەمکردنەوەی گرژییەکان، زیاتر لەگەڵ یەکتر هەماهەنگی دەکەن؛ هەر ئەمەیش هاندەری تورکیایە بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی میسر و کەنداو، بەتایبەت عەرەبستانی سعوودی([2]). هەندێک لە چاودێرانیش ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەردۆغان چاوی لەسەر ئەزموونی ئابووریی "چین"ە؛ بەرهەمهێنانی زۆر، زیادبوونی هەناردەکردن، دراوی هەرزان، هەروەها چاوێکی تری لەسەر ئەزموونی هەواڵگریی بریتانیایە کە سیاسەت و دیپلۆماسی و هەواڵگری تێکەڵ دەکات بۆ داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە([3]).

لە ماوەی 20 ساڵی حوکمڕانییەکەیدا، ئەردۆغان کاری لەسەر شۆی (نمایش)ی سەربازی کردووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەرەوەی؛ ئەوەیش چ لە ڕێگەی لەشکرکێشی بێت بۆ ناو خاکی ڕۆژاوای کوردستان لە سووریا یان لە خاکی هەرێمی کوردستان؛ هەروەها کۆمەککردنی حکوومەتی "الوفاق" لە لیبیا، لەگەڵ پەلکێشانی نفووز بەرەو ئەفریقا. بەڵام زبرە ئابوورییەکان ناچاریان کرد لەگەڵ سعوودیا و ئیمارات پەنا بۆ ئاشتەوایی ببات بەبێ ئەوەی سوپا و باڵە سەربازییەکانی لە هیچ کوێ پاشەکشە پێ

بکات([4])؛ نیمچە کۆدەنگییەکیش هەیە کە ئاڵنگاریی گەورەی ویلایەتە نوێیەکەی ئەردۆغان، بریتی دەبێت لە دۆسیەی ئابووری و بەهای لیرە و هەڵاوسانی نرخەکان و ئاوەدانکردنەوەی وێرانکارییەکانی بوومەلەرزە([5]). لەسەر ئاستە عێراقییەکەیشی، مامەڵەکردنی تورکیا و عێراق لەگەڵ یەکتر سەرباری لەمپەرەکان، ناچاری دەبێت، چونکە جگە لە سنوور و دۆسیە هاوبەشەکانی ئاسایش و سامانی ئاو، سزاکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران دەرفەتێکی وای ڕەخساندووە کە پشتبەستنیان بە یەکتر زیاد بکەن. لەم بەینەیشدا پابەندبوونی ئەنقەرە بە سزاکانی پەیوەست بە نەوتەوە، عێراق دەکاتە جێگرەوەی نزیك و دەروازەیەکی گەورەی قەرەبووکردنەوە؛ بۆ عێراقیش تورکیا تاقە دەرچەی وشکانییە بۆ گەیشتن بە ئەورووپا و سەرچاوەیەکی گەورەی دابینکردنی کەرەستە و پێداویستییەکانی بازاڕی عێراقە.

## دیدی عێراقییەکان بۆ ئەردۆغان

بەپێی ئەوەی سیاسەت و تێڕوانینی ئێستای دەوڵەتی عێراق گیرۆدەی نەبوونی سەنتەر و دابەشبوونەکانی پەیوەستە بە شوناسە فرەجۆرەکان، ناکرێت باس لە دیدێکی عێراقی ستراتیژی و گشتگیر بکرێت دەربارەی دۆسیەکانی دەرەوە، لەوانەش تورکیای ئەردۆغان. لە عێراق جگە لە تورکمانی سوننە و باڵی "بەرەی تورکمانی"، لەناو عەرەبی سوونەیشدا جەمسەرەکانی حەلبووسی و خەمیس خەنجەر، پەیوەندیی بەهێز و دۆستایەتیی زۆریان هەیە لەگەڵ ئەردۆغان، جیاواز لە تورکمانی شیعە یان ئەو عەرەبە سوننانەی لە باڵە ئێرانییەکانەوە نزیکن یان ناوچەیی و لۆکاڵن. سەرباری ئەمەیش، خوێندنەوەیەك هەیە کە هەندێك لە سیاسەتوانانی عێراق مانەوەی ئەردۆغانیان پێ باشتر بووە لە گۆڕینی بە کلیچدار ئۆغلۆ، لەسەر بنەمای ئەوەی ناسراو و تاقیکراوە، باشتر لەوەی کە دێ و نەناسراوە([6]). بەڵام لە ناوەندی شیعیدا ـ کە ئێستا چەقی بڕیاری عێراقن ـ بە شێوازێکی ساردوسڕ کارلێك لەگەڵ دەرچوونەوەی ئەردۆغان کراوە، بەو پێیەی لە خەیاڵدانی شیعەدا ناوبراو گوزارشت لە دیاردەی "عوسمانیی نوێ" دەکات؛ هەروەها سیمبولێکی ئیسلامییە سوننەکان و هۆکارێکی بەهێزکردنی جەمسەری تورکیایە لە بەرامبەر جەمسەری ئێران. ڕەنگە هەر بەم هۆیەشەوە بێت هیچ بەرپرسێکی باڵای شیعەی عێراق نەیانویست بچنە ژێر باری تەریقبوونەوە (ئیحراجی)ی بەشداریکردن لە مەراسیمی سوێندخواردنی ئەردۆغان بۆ خولی سێیەم؛ بۆ ئەو مەبەستەیش "فوئاد حسێن"ی کورد و وەزیری دەرەوەیان ڕاسپارد بۆ بەشداریکردن لەو بۆنەیە، لە کاتێکدا لەناو 78 سەرۆکشاندی بەشدار، 21 سەرۆکدەوڵەت و 13 سەرۆکوەزیران و 12 سەرۆکپەرلەمان هەبوون([7])، کەچی زۆر لەوانەیش وەك عێراق دراوسێی تورکیا نین و دۆسیەی هاوبەش و تێکچڕژاویان لەگەڵیدا نییە. ئەم ڕوانینە پڕ لە سڵەمینەوەیەش لە عێراقەوە بۆ ئەردۆغان لە ئێرانیش تاڕادەی زۆربەهەمان شێوەیە، لە "تاران"یش بۆچوونەکان لەسەر ئەوە بوون ڕاستە ئەردۆغان هەماهەنگیی هەیە لەگەڵ ئێران و لە دۆسیەی گەمارۆکان بە شێوازی جیاواز لە خۆدزینەوە لە گەمارۆکان یارمەتیی ئێران دەدات، بەڵام لە دوورمەودادا مەترسییەکی ستراتیژییە و ئەگەر لە هەڵبژاردن بکەوتایە، ئەوە مەترسیی ئایندەیی و دوورمەودا کەمتر دەبوو لەسەر ئێران([8]).

# دۆسیە هاوبەشەکانی عێراق لەگەڵ تورکیای ئەردۆغان

بۆچوونێك هەیە کە لە کابینەی نوێی ئەردۆغاندا دوو بەرپرسی کابینەکە، لە دۆسیەکانی پەیوەست بە عێراق ڕۆڵی سەرەکی دەبینن: "ئیبراهیم کالن"، سەرۆکی نوێی دەزگەی هەواڵگری و "هاکان فیدان"، وەزیری دەرەوە، کە پێشتر سەرۆکی "میت" بووە؛ هەردوو کەسایەتییەکەیش پەیوەندی و ئاگادارییان لە ناوخۆی عێراقدا هەیە([9]). پاشخانی فیدان لە کارکردنی لە سەرۆکایەتیی "میت"دا بووە؛ هەروەها بە "پیاوی سێبەر" و "سندووقی ڕەشی ئەردۆغان" و کەسی متمانەپێکراوی سەرۆککۆماری تورکیا ئاماژەی بۆ دەکرێت. لە ماوەی 13 ساڵیشدا لە زۆر دۆسیەدا کاری کردووە کە پلاندانان و جێبەجێکردنیشی لەخۆ گرتووە لە یەك کاتدا([10]). هەرچی "ئیبراهیم کالن"یشە بە یەکێک لە دەستەبژێرە سیاسییەکانی حزبی داد و گەشەپێدان دادەنرێت و یەکێک لە ڕاوێژکارە دیارەکانی ئەردۆغانە لە داڕشتنی سیاسەتەکانی دەرەوەی تورکیا، بەتایبەت لە هەردوو دۆسیەی ئەمریکا و ئەورووپا؛ سەرپەرشتیی دۆسیەی سووریاشی کردووە لەگەڵ نوێنەری تایبەتی ئەمریکا، جەیمس جێفری و پشتیوانیی ئەمریکا و ڕۆژاوای بۆ تورکیا لە دۆسیەی داعشدا مسۆگەر کردووە. سەرەڕای ئەوەیشی سیاسەتمەدارە، پسپۆڕیی هەیە لە فەلسەفە و مێژوودا و ئەکادیمیستە([11]). گرنگترین ئەو دۆسیانەیشی لە کابینەی نوێی ئەردۆغان لە نێوان تورکیا و عێراقدا کراوەن و کاریگەر دەبن بە سەرکەوتنەوەی ئەردۆغان، دەکرێت پۆلێن بکرێن بۆ ئەمانەی خوارەوە:

# بنکە سەربازییەکان

بەپێی زانیارییە بەردەستەکان، تورکیا 11 بنکەی سەربازیی سەرەکی و 19 سەربازگەی بنەڕەتیی لە خاکی هەرێمی کوردستاندا هەیە، کە بەشی باکووری عێراقە. هەندێك ڕاپۆرتی تر ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ئێستادا نزیکەی 19 بنکەی تورکیا لە عێراق هەن کە 15 بنکەیان سەربازین و چوارەکەی تریش بنکەی هەواڵگرین. لە سەرجەم ئەمانەیشدا نزیکەی سێ هەزار  سەربازی تورکی هەن کە لە 100 کم لە قووڵاییی خاکی عێراقدا هاتوچۆ دەکەن. جگە لە سەربازەکانیش ژمارەیەکی زۆر دەزگەی هەواڵگرییان لەگەڵدایە (میت)([12]). ئەم پەلکێشانەی تورکیا بۆ ناو خاکی عێراق بەزۆری لە سەردەمی ئەردۆغاندا قووڵ بووەتەوە و پەلی هاوێشتووە. بە بۆچوونی لایەنە شیعەکانیش، سەرباری ئەوەی ئەم هێزە زەبەلاحە لەژێر ناوی کار دەکەن، بەڵام ئەرکی تری ئەوان کەڵکوەرگرتنە لەو هێزە عێراقی و PKK بەرەنگاربوونەوەی تورکمانییانەی نزیکن لە تورکیا([13])؛ هەروەها پێیان وایە ئەم هێزانە بەشێکن لەو سێبەرەی، تورکیا لە عێراق بۆ خۆی دروست کردووە.

ئەردۆغان کەڵکی زۆری لە جەنگی داعش وەرگرت (2014_2018) و، بەم هۆیەوە ئەنقەرە بەشداریی لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعشدا کرد. لێرەیشدا هێزەکانی تورکیاش ئەرکی مەشقپێکردنی هێزی پێشمەرگە و مەشقپێکردنی هێزەکانی "حەشدی نیشتمانی"یان پێ سپێردرا کە لەلایەن پارێزگاری پێشووی مووسڵ، "ئەسیل نوجێفی"یەوە سەرپەرشتی دەکران ([14]). بەم جۆرەیش حکوومەتی ئەردۆغان جۆرێك لە باڵانسی چنگ کەوت بەرامبەر هەڵکشانی میلیشیا و گرووپ و دەستە شیعەکان بەرەو مووسڵ و تەلەعفەر لەسەر سنووری تورکیا؛ بەم هۆیەشەوە، هاتنی تورکیا لە جەنگی داعش و بڵاوبوونەوەی پێشووتری لە سنوورەکان لە جەنگی پارتی کرێکارانەوە، گۆڕا بۆ بەڕێوەبردنی ململانێی ژێرپەردە لەگەڵ

ئێران و، لە ئیستادا تورکیای ئەردۆغان ئەم ئامادەبوونە سەربازییە وەک بەربەستێک دەبینێت کە ڕێگری دەکات لە کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانی لەلایەن هێزە پرۆئێرانییەکان.

هەرچەندە زۆرینەی شیعی لە پەرلەمانی عێراق پاش کوژرانی قاسم سلێمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس (کانوونی دووەمی 2020) بڕیارێکیان لە پەرلەمانی عێراق دەرکرد بۆ کردنەدەرەوەی سەرجەم هێزە بیانییەکان([15])، بەڵام هیچ کات ئەردۆغان و حکوومەتەکەی خۆیان لەمە تێ نەگەیاندووە و بەپێچەوانەوە لەم ساڵانەی دواییدا قەبارەی پەلکێشانی تورکیا لە ڕووی سەربازییەوە بۆ ناو خاکی عێراق لە جاران زیاتر بووە؛ چونکە بە بۆچوونی تورکیا بڵاوبوونەوەی سەربازی لە عێراق نەک هەر سەری ڕمێکی پێشکەوتوو پێک دەهێنێت بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو هەڕەشە سەربازی و ئەمنییانەی لەوێوە دێن، بەڵکو ڕۆڵی هەیە لە بەدیهێنانی هاوسەنگیی جیۆـئەمنی و جیۆـسیاسی لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق؛ هەروەها گەرەنتیی پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئەنقەرەش دەکات([16])، بەتایبەت کە دیدگەی ئەردۆغان، دیدگەیەکی سوننەگەرایی و درێژکراوەی پرۆژەی عوسمانییە. لە دەمی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی تورکیاشدا ئۆپۆزیسیۆنی تورکی زۆر جار باسیان لەوە کردووە، بڵاوبوونەوەی سەربازیی تورکیا لە عێراق هیچ بەڵکوو زیاتر هۆکارێك PKK سەرکەوتوو نەبووە لە بەدیهێنانی ئامانجی سەرکوتکردن و کێوماڵکردنی بوون بۆ خزمەتکردنی ئەجێندا تایبەتەکانی ئەردۆغان([17]).

# پلانە ئەمنییەکان

ئەردۆغان لە مەراسیمی سوێندخواردندا جەختی لە بەردەوامیی کێوماڵ و "قەڵاچۆکردنی مەترسییە ئەمنییەکان" کردەوە تا بەدیهاتنی ئامانجەکانی([18]). ئەمەیش بە جۆرێك لە جۆرەکان بەردەوامیی ئۆپەراسیۆنە ئەمنییەکانە بۆ هەرێم و بەشە باکوورییەکەی عێراق، کە لە پاش گەڕی یەکەمی هەڵبژاردن لە شنگال و پاش گەڕی دووەمیش لە "چیای ئاسۆس"ی شارباژێڕی سلێمانی بەکردەوە ڕووی دا. ئەم هێرش و هەڵمەتانەیش جگە لە تەریقکردنەوە و ڕیسواکردنی سەروەریی عێراق، لە هاوینی پاردا هەشت قوربانیی خەڵکی ناوەڕاست و باشوور و 26 برینداری لە ڕیزی گەشتیارانی مەدەنیی لێ کەوتەوە و تا ئێستایش تورکیا نەچووە ژێر باری هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیی ڕووداوەکە([19]). هەروەها بەردەوامیش قوربانیی مەدەنی و زیانی ماددی لە ناوچە گوندنشینە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان لێ دەکەوێتەوە کە بەرپرسیارێتیی دەستووریی پاراستنی سەروەریی خاکەکەی لە ڕووی تیۆرییەوە لە ئەستۆی حکوومەتی عێراقە و جگە لەوەی مایەی ڕیسوایی و تەریقبوونەوەیە، دەرگە دەکاتەوە بۆ گرووپە شیعەکان بانگەواز بۆ "بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاریی تورکی" بکەن لە بەشی "باکووری عێراق".

بە سەرنجدانیش لە کابینەی نوێی ئەردۆغان، بەرنامەی کار و پێشینەی وەزیری نوێی بەرگریی تورکیا "یەشار گولەر" کە جێگرەوەی "خلوسی ئاکار"ە، هەر هەڵگری ئاماژەی بەردەوامی هێرشەکانی تورکیایە بۆ سەر هەرێم، چونکە وەزیری بەرگریی نوێ، سەرۆکئەرکانی سوپا بووە لەبەردەستی خلوسی ئاکار؛ هەروەها وەزیری بەرگریی نوێ، لەبەر چالاکییەکانی چەندان جار خەڵات کراوە و، هەندێك بۆچوونیش لەسەر ئەوەن ئەم وەزیرە هەمان ستراتیژیی پێشوو لە لیبیا و سووریا و عێراق و ئازەربایجان پیادە دەکات لەگەڵ پەرەپێدانی پیشەسازیی جەنگی و فۆکەسی زیاتر لەسەر سنووری باشووری تورکیا لە بەری عێراق و

سووریاوە([20]).

## دۆسیەی ئاو

لە سەردەمی ئەردۆغان بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ئاوی دیجلە و فورات وەك كارتێك بەرامبەر عێراق، قۆناغی زۆری بڕیوە، بەتایبەت پاش ئەوەی تورکیا سەرکەوتوو بوو لە دروستکردنی ژمارەیەکی زۆر بەنداو بۆ گلدانەوەی ئاوی دیجلە، لە کاتێکدا وشکەساڵی و کەمیی باران باڵی بەسەر کەشی ناوچەکەدا کێشاوە. بەپێی زانیارییە بەردەستەکانیش لە ئێستادا بەردانەوەی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات بۆ عێراق لە ئاستی تەنیا 30%ی شایستەیی و مافە سروشتییەکانی وڵاتەکەیە (313م سێجا لە دیجلە و 175 م سێجا لە فورات لە چرکەیەکدا) .([21])لە چەند ساڵی ڕابردوویشدا سەرجەم هەوڵەکانی عێراق لەگەڵ حکوومەتی ئەردۆغان بێئەنجام بووە بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتننامەیەك لەبارەی دابەشکردنی ئاو لە نێوان هەردوو وڵات، چونکە تورکیا بەباشی لە گرنگیی کارتی ئاو دەگات بۆ بەکارهێنانی بەرامبەر عێراق و، بەپێی سەرچاوە تورکییەکانیش کۆدەنگی هەیە لە ناوخۆی وڵاتەکە بۆ دەستگرتن بە کارتی ئاوەوە وەك هۆکارێکی کاریگەری گوشار. هەر لەم نێوەیشدا لە بەهاری ئەمساڵ کە "محەمەد شیاع سوودانی" سەردانی تورکیای کرد، ڕەجەب تەییب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا، تەنیا لەسەر ئەوە ڕازی بوو بە شێوەیەکی سنووردار و بۆ ماوەی یەك مانگ بەردانەوەی ئاوی ڕووباری دیجلە لە تورکیاوە زیاد بکات تا "یارمەتیی عێراقی دراوسێ بدات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی"([22]). ئەم بڕە ئاوە کاتی و سنووردارەیش، زۆر کەمترە لە پێداویستییەکانی عێراق و چاوەڕوانییەکانی لە تورکیای دراوسێ. هەندێ زانیاریش باس لەوە دەکەن، بەردانەوەی ئاوی ئەو مانگەیش لەلایەن ئەردۆغانەوە، بە مەرجی هاوکاریکردنی ئەنقەرە بووە لەلایەن عێراقەوە لە جەنگی پارتی کرێکاران (pkk)([23]).

## ڕێگەی پەرەپێدان

حکوومەتی عێراق لەناو کۆنگرەیەکدا کە بەرپرسانی وڵاتانی دراوسێی لە بەغدا ئامادەی بوون (27ی ئایاری 2023)، پرۆژەیەکی ڕێگەوبان و هێڵی ئاسنی ئاشکرا کرد کە بڕیارە کەنداو بە سنووری تورکیا ببەستێتەوە. ئەم پرۆژەیە کە خەونێکی دێرینی عێراقییە، بەشێکە لە هەوڵەکانی کەڵکوەرگرتن لە پێگەی جیۆستراتیژیی عێراق و هەمەجۆرکردنی سەرچاوەی ئابووری و بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەر. حکوومەتی عێراق تێچووی پرۆژەکەی بە نزیکەی 17 ملیار دۆلار خەملاندووە کە درێژییەکەی 1200 کم دەکات لە ناوخۆی عێراقدا([24]). ئەم پرۆژەیە ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ئاڵنگاری بووەتەوە کە ناوخۆیی و دەرەکین؛ ناوخۆییەکان دیارترینیان گومانە لە توانای جێگرتنەوە و ڕکابەریکردنی ڕێگە تەقلیدییەکانی ئێستای ڕێڕەوی بازرگانیی نێودەوڵەتی (سوێس بە نموونە)، هەروەها مەترسییەکانی جێبەجێکردنی لە دۆخی گەندەڵیی سیاسی و داراییی بەربڵاو لە عێراق و لاوازی دەزگەکانی دەوڵەت بۆ سپۆنسەرکردن و سەرپەرشتیکردنی پرۆژەیەکی بەم قەبارەیە([25]). لەسەر ئاستی دەرەکییش هیچ دەوڵەتێك جگە لە تورکیا دەستگیرۆیی عێراقی ڕانەگەیاندووە. بۆ ئەوەی گفت و بەڵێنەکانی تورکیاش بینە کردار، لە ساڵانی داهاتوودا هەنگاوی زۆر، پێویستن، چونکە ئەگەر هات و لەناو خاکی تورکیادا تۆڕێك هێڵی شەمەندەفەری

تەواوکەر و جاددە دروست نەکرێن، ئەوە پرۆژە عێراقییەکە ئەو گرنگییەی نابێت کە باس دەکرێت و لە کۆتاییدا لە ناوخۆی وڵاتدا قەتیس دەبێت. بەڵام سەرباری گفتەکانی ئەردۆغان لە دەمی هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ سەرخستنی پرۆژەکە، ترس و دڵەخورتێی تورکیا ڕوونە لە پەلکێشانی شیعەکان بۆ سنوورەکەی؛ لە بەرامبەریشدا هێزە شیعە حوکمڕانەکان هەمان ترسیان لە خەونە فراوانخوازییەکانی تورکیا هەیە و بەگومانن ئەردۆغان لەم ڕێگەیەوە کارتی جموجۆڵی بازرگانی بقۆزێتەوە بۆ بووژاندنەوەی پرۆژە فراوانخوازییەکەی لە ناوچەکانی ویلایەتی مووسڵی جاران کە لەسەر ڕێگەی دەروازەکەیە؛ هەروەها بە پاساوی پاراستنی کاروانە بازرگانییەکانیش هێزی ئەمنی و سەربازیی زیاتر بهێنێتە ناو خاکی عێراقەوە([26]). بەشێك لەم ترس و دڵەڕاوکێیەیش هۆکارن بۆ ئەوەی هەندێك هێزی شیعەی بەشدار لە حکوومەتی سوودانی بەتوندی دژی پرۆژەکە بوەستنەوە و باس لەوە بکەن پارە بەفیڕۆدانە و پەرەپێدانی لێ شین نابێت ([27]).

# دۆسیەی نەوت

نوێترین کێشەی هەڵپەسێردراوی نێوان تورکیا و عێراق دۆسیەی نەوتە و، ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ دەرچوونی بڕیاری دەستەی ناوبژیوانیی پاریس بۆ ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان و تاوانبارکردنی تورکیا بە فرۆشتنی ئەو نەوتە بەبێ ئاگاداریی عێراق و دانانی بڕی 1.4 ملیار دۆلار پێبژاردنی لە ئەستۆی تورکیا([28]). لە کاتی ڕاگەیاندنی بڕیارەکەیشەوە (25ی مارسی 2023) ئەردۆغان و دەسەڵاتدارانی وزەی تورکیا بە ڕق و گیانی تۆڵەکردنەوەوە مامەڵە لەگەڵ هەناردەکردنەوەی نەوتی عێراق دەکەن لە ڕێگەی پەکخستنی گەیشتنی 450 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانەی هەرێم و کەرکووك بۆ بازاڕەکانی جیهان کە دەکاتە 0.5% بەرهەمی جیهانی. بەم هۆیەیشەوە لە 25ی مارسی 2003 بەدواوە هەناردەکردنی نەوت ڕاگیراوە، لە کاتێکدا بەپێی هەموو خەمڵاندنە فەرمییەکانی عێراق، دەبوو ئەوپەڕی لە نیوەی یەکەمی ئایاری 2023 هەناردە دەستی پێ بکردایەتەوە، بەتایبەت پاش ئەوەی بەغدا و هەولێر و کۆمپانیاکان لەسەر میکانیزمی نوێ ڕێك کەوتن([29]). بەڵام سەرچاوە ئاگادارەکان باس لەوە دەکەن ئەردۆغان بەبێ وەرگرتنی دڵنیایی لەبارەی چارەنووسی بەشی دووەمی سکاڵاکە لە بەردەستی دەستەی ناوبژیوانیی پاریس، نەوت هەرنادە ناکاتەوە. دۆسیەکەیش پەیوەندیی بە دۆخی پاش 2018 هەیە و چەند سەرچاوەیەك پێشتر باسیان لەوە کردووە تورکیا دەیەوێت ئەم کێشەیە چارەسەر بکات پێش ئەوەی لە ڕێگەی بۆڕییەکانەوە هەناردە بکاتەوە([30]). ئەمەیش بۆ چەند ڕۆژی داهاتوو بەجێ هێڵراوە.

### پەیوەندیی تورکیا و هەرێم

هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی سیاسی و ئابووری و جوگرافیی تێکچڕژاوی هەیە لەگەڵ تورکیا. لە ساڵی ڕابردوویشدا (2022) بەهای ئاڵوگۆڕی بازرگانیی هەردوو لا، گەیشتۆتە 12 ملیار دۆلار کە لە نیوە زیاتری کۆی ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکانە لەگەڵ عێراق([31]). ئەم پەرەسەندنە بازرگانییەیش بەشی زۆری هی دوو دەیەی حوکمڕانیی ئەردۆغانە و پەیوەندیی هەردوو لاش زیاتر بنەڕەتێکی ئابوورییانەی هەیە بەر لە کایەکانی تر. لەم بەینەیشدا تورکیای ئەردۆغان بەسەربەخۆ نەوتی بۆ هەرێمی کوردستان فرۆشتووە و، هەردوو لاش لە پرۆسەکە سوودمەند بوون، بەڵام لە ڕووی ئەمنییەوە پەیوەندیی هەرێم و تورکیا لەژێر کاریگەریی هەڵکشان و داکشانی گرژییەکانی پارتی کرێکاران و ئەنقەرەدا دەمێنێتەوە. ئەم پەیوەندییە ئاڵۆزەیش سێبەر

و لێکەوتەی لەسەر ئاستە سیاسی و ئابوورییەکەیش دەبێت، وەك لە بڕیاری ڕاگرتنی گەشتە ئاسمانییەکانی کە ئێستا بووەتە هۆی ڕاگرتنی PKK 105 "فڕۆکەخانەی سلێمانی"دا دەرکەوت بە پاساوی هاوکاریکردنی گەشتی مانگانەی فڕۆکەخانەکە؛ ئەمەیش دەکاتە 35_40%ی کۆی گەشت و چالاکییەکانی فڕۆکەخانەکە([32]). دۆسیەی فڕۆکەخانەکەیش نموونەیەکە لە هەژموونی دۆسیەی ئەمنی بەسەر پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان و، ئەگەری دووبارەبوونەوەی هەیە بە جۆر و شێوازی تر.

**پوختە و ڕاسپاردە**

سەرباری ئەوەی دەسەڵاتداریێتی شیعەی عێراق کەیفخۆش نییە بە کەسایەتیی ئەردۆغان، بەڵام سنوور و بەرژەوەندی و پێداویستی، ناچاری دەکات مامەڵەی لەگەڵدا بکات بەبێ ئەوەی بە نموونەیەکی پەسەندکراوی بزانێت؛ لە بەرامبەریشدا تورکیا، عێراق وەك دەرفەت و بازاڕ دەبینێت و ئامادەیی سەربازییش لە خاکەکەی، وەك هۆکارێك دەبینێت بۆ هاوسەنگکردنی بالانس لەگەڵ ئێران و باڵەکانی. بە گوێرەی ئاماژەکان لە کابینەی نوێی ئەردۆغاندا هەواڵگری و وەزارەتی دەرەوە لە دۆسیەکانی عێراق ڕۆڵی گەورە دەبینن و، جگە لە دۆسیە گەرمەکانی ئاسایش و بڵاوبوونەوەی سەربازی، دۆسیەی سامانی ئاو و "ڕێگەی پەرەپێدان" و دۆسیەی هەناردەکردنی نەوت لە پەیوەندییەکانی هەردوو لادا ئامادەیی گەورەیان دەبێت.

لەسەر ئاستی عێراق، بۆ هەرێمی کوردستان تەنیا دەرفەت لە پەیوەندییەکانی بەغدا و ئەنقەرە، دژایەتییەکانی هێزە شیعە حوکمڕانەکان و دەسەڵاتداریێتی ئەردۆغانە؛ بەو پێیەی شیعەکان ئەردۆغان بە مەترسی دەبینن و ئەویش پەلکێشانی باڵە ئێرانییەکان بە هەمان شێوە. ئەمەیش دەکرێت هاندەری تورکیا بێت کە هەرێم لە نەخشەی عێراق نەسڕێتەوە و لە "ڕێگەی پەرەپێدان"یش، کوردستان نەگۆڕێتەوە بۆ تەلەعفەر و دەروازەی نوێی ڕاستەوخۆ لەگەڵ عێراق لە پارێزگای نەینەوا و کارکردنیش لەسەر ئەم دژیەکییە، وریایی و پلانی وردی پێویستە.


([1])https://2u.pw/Pb9wQ2

([2])https://2u.pw/3vsqZC

([3])https://2u.pw/BuZFTvH

([4])https://2u.pw/AGMJ94

([5])https://cutt.us/8Ynnc

([6])https://2u.pw/AGMJ94

([7])https://2u.pw/KzGoim

([8])https://2u.pw/GTgiTj

([9])https://2u.pw/0PS40I

([10])https://2u.pw/BuZFTvH

([11])https://2u.pw/fAvRBkc

([12])https://bit.ly/2MfPm9E

([13])https://cutt.us/xmaGW

([14])https://cutt.us/oQveI

([15])https://cutt.us/ZQF4v

([16])https://cutt.us/uLr47

([17])https://cutt.us/VA6kt

([18])https://2u.pw/R2ioUP

([19])https://2u.pw/npLvm4

([20])https://2u.pw/vEGq0M

([21])https://2u.pw/rnFxQV

([22])https://cutt.us/MX5Pp

([23])https://cutt.us/LChS1

([24])https://cutt.us/nZspJ

([25])https://cutt.us/rlJk5

([26])https://bit.ly/3zwTwQj

([27])https://cutt.us/T0Gky

([28])https://cutt.us/W8YU1

([29])https://cutt.us/dJ8JN

([30])https://cutt.us/MTY6c

([31])https://cutt.us/GwQvK

([32])https://cutt.us/F9rdX